المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (6) – العدد (1)، حزيران 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# ڕەنگدانەوەی بنەما زانستییەکان لە پرۆگرامی ڕێزمانی کوردیدا

بەکر عومەر عەلی[1]، شاخەوان جەلال حاجی فەرەج[2]
[1,2]بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق
Email: bakir.ali@univsul.edu.iq [1], shakhawan.faraj@univsul.edu.iq [2]

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە (ڕەنگدانەوەی بنەما زانستییەکان لە پرۆگرامی ڕێزمانی کوردیدا). تێیدا پرۆگرامەکانی خوێندنی (ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلەکانی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم)ی بنەڕەتیی لە ڕوانگەی بنەماکانی کارکردنی زانستییانەوە، لێکدراونەتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش، ڕێبازی پەسنی شیکاریی، پەیڕەوکراوە. لەو چوارچێوەیەشداو لە بەشی یەکەمدا، بنەماکانی دارشتنی کاری زانستیی لە پرۆگرامەکانی خوێندندا خراونەتەڕوو و دیاریکراون، پاشان لە بەشی دووەمدا، نموونەی پرۆگرامەکانی خوێندن بەشێوەیەکی کارەکیی، پەیوەست بە بنەماکانەوە ڕاڤەکراون.

**کلیلە وشە:** ڕێزمانی کوردی، پرۆگرامەکانی خوێندن، ڕونیی و وردی، زاراوە هەڵبژاردن، پێڕەو بەندی، بابەتێتی، گشتگیری و بێگومانیی.

**الملخص:**

علم اللغة بأعتباره علم مسقل يحاول التحليل و وصف الظواهر اللغوية، و من هذا المنطلق هذا البحث يحاول تحليل امكانية تثبيت مبادئ اربعة للعلم في المناهج الدراسية لتعلم اللغة الكردية. لذا يجب أن يكون المبادئ أساسية للعلم{(الوضوح و الدقة)، (النظامية)، (الموضوعية)، (الشمولية و اليقين)} أساس تأسيس اي المنهج علمي التربوي. على اساس هذه المبادئ، يحاول البحث تحليل النواقص العلمية لمناهج التعلم قواعد اللغة الكردية، كما انه يقدم اقتراحات العلمية المبسطة لعلاج النواقص و المبهمات في تلك المناهج.

**الكلمات المفتاحية:** قوائد اللغة الكوردية، مناهج التعليمية، الوضوح و الدقة، أختيار المصطلحات، النظامية، الموضوعية، العمومية و اليقين.

**Abstract:**

The Linguistics attempts to analysis and describe the language phenomenology. According to this view, the research Endeavour dissection for four major scientific and academic principles in education programs (Kurdish Grammar teaching). So the principles of (Clarity and the accuracy; Systemic; Objectivity and Comprehensiveness and the certainty) should be the basic for configuration of education programs. In this perspective this research Scientific analytical the deficiencies for Kurdish Grammar programs, also it Offers suggestions for treatment Simplified scientific shortcomings and the ambiguities in these programs.

**Key word:** Kurdish Grammer, Educatioal Programs, Clarity&Accuracy, Term Selection, Systematic, Objectivity, Gemerality&Certainity.

**پێشەکی:**

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بۆ (ڕەنگدانەوەی بنەما زانستییەکان لە پرۆگرامی ڕێزمانی کوردیدا) تەرخانکراوە. مەبەستی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە لێکدانەوەی پرۆگرامەکانی خوێندنی (ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلەکانی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم)ی بنەڕەتییە لە ڕوانگەی بنەماکانی کارکردنی زانستییانەوە. بنەمای هەڵبژاردنی ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کاتێك خوێندکارانی قوناغی زانکۆیی (قوناغی یەکەم)ی (بەشی کوردی) لە زانکۆ وەردەگیرێن، یەکێك لەو گرفتانەی توشیان دەبێت

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ئەوەیە، ڕووبەڕووی تێڕوانینی زانستیی جیاواز دەبنەوە لە بواری بابەتە زمانەوانییەکاندا، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە زانستییانە بنەمای ئەم تێڕوانینە جیاوازانە شیبکرێتەوە.

لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا سوود لە هەردوو ڕێبازی پەسنکاریی و شیکاریی وەرگیراوە، بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکە بە سەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەشکراوە، بەشێوەیەك لە بەشی یەکەمدا تیۆرییانە گفتوگۆ لەسەر بنەما زانستییەکانی توێژینەوەو پرۆگرامی زانستیی کراوەو تێیدا بنەماکانی(ڕوونیی و وردیی)،(ڕێکخراوەیی/ پێرەوبەندیی)،(بابەتێتیی)، گشتگیری و بێگومانیی) لە چوار تەوەرەی سەرەکیدا خراونەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. بەشی دووەمی توێژینەوەکەش تایبەتە بە جێبەجێکردنی ئەو چوار بنەما زانستییەی لە بەشی یەکەمدا باسکراوە بەسەر بابەتەکانی ڕێزمانی کوردیی کتێبەکانی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتیی(پێنجەم و شەشەم و حەوتەم). مەبەستی سەرەکیی ئەم بەشە، هەڵسەنگاندنی ئەو کتێبە مەنهەجییانەیە لە ڕوانگەی بنەما زانستییەکانەوە، لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا، گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکان خراونەتەڕوو.

## 1. پرۆگرامەکانی خوێندن (بنەمایەکی زانستییانە):

تێڕوانینە زمانەوانییە نوێباوەکانی دوای سەدەی بیستەم ئەوەیان پێئاشناکردین، کە زمان (زانست)ە، پەیوەست بە زانستیشەوە زانستی زمان لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی و زانستیی زمان و دیاردەکانیەتی، لەم ڕوانگەیەوە ئامانجی سەرەکیی زانستی زمان، پەسنکردن و ڕوونکردنەوەی دروستەی زمان و دیاردە زمانییەکانە. دروستەی زمانیش، دروستەکانی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و ڕستەسازی و واتاو واتالێکدانەوە دەگرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە، یەکێك لەهەرە چەمکە گرنگەکان، کە باسیلێوەدەکرێت،(ئەزموونبەندیی) یە. بەوپێیەی، کە زمانەوانەکان کۆدەنگییەك لەنێوانیاندا هەیە لەسەر ئەوەی "زانستی زمان ئەزموونبەندە، بەواتا زانستی زمان لەسەر کۆکردنەوەی ئەزموون لەڕێی تاقیکردنەوەوە وەستاوە، کەواتە پشت بەسەلیقەو هەستی مرۆڤ و ڕەمڵێدان نابەستێت." محەمەدی مەحوی(2001: 57).

بە مەبەستی خستنەڕووی کارکردنی زانستییانە لە زماندا، کە بێگومان هەمان چەمك بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن ڕاستە (لەبەرئەوەی فەلسەفە و بنەمای دانانی ئەم پرۆگرامانە، ڕاڤەکردنێکی زانستییانەیە بۆ زمان و ئەمەش مەرجی پێشەکی دەبێت).

دیارە پەسنکردن و ڕاڤەکردنی زانستییانەی زمان، دەبێت پاڵپشت بێت بەڕێبازێکی توێژینەوەی ڕێکخراو، بۆیە بۆ ئەم بابەتە پێویستە ئەو بنەمایانە بخرێنەڕوو، کە لە کاری زانستیدا گرنگن، ئەمانەش خۆیان لە چوار بنەمای سەرەکیدا دەبیننەوە:

**یەکەم/ ڕوونیی و وردیی**
**دووەم/ ڕێکخراوەیی/ پێرەوبەندیی**
**سێیەم/ بابەتێتیی**
**چوارەم/ گشتگیریی و بێگومانیی.  محمد حسن عبدالعزیز (1983 : 25)**

### 1/1. ڕوونیی و وردیی:

### 1. ڕوونیی:

ڕوونیی لە هەموو قۆناغەکانی توێژینەوەی زانستیدا (لەکۆکردنەوە و پۆلکردن و ڕێسادانانەدا) مەرجێکی گرنگە. کاتێك توێژەر تیۆرییەك هەڵدەبژێرێت بۆئەوەی لەسەر بنەمای ئەو تیۆرییە کارەکەی ئەنجامبدات، پێویستە بنەماکانی ئەم تیۆرییە ڕوون و ئاشکرا بێت، هاوکات لەلایەنی پێویستیی هەڵبژاردنی ئەم تیۆرییەدا هۆشیار بێت.
لێرەدا دوو بابەت هەڵدەبژێرین، کە تێیدا بنەمای ڕوونیی، زۆر گرنگ و پێویستن:

أ. هەڵبژاردنی زاراوە.
ب. هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی، داتایان لێوەردەگیرێت و داڕشتنی فۆرمی ڕاپرسی. محمد حسن عبدالعزیز (1983: 25)

پەیوەست بە بابەت و ناونیشانی توێژینەوەکەمانەوە، گرنگە لەم دوو بنەمایە بدوێین و دواتریش بنەماکان لە بەشی دووەمدا جێبەجێدەکرێن. بۆ وردەکاریی جێبەجێکردنی ئەم دوو بنەمایە، بڕوانە: بەشی دووەم، (1/2).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**أ - هەڵبژاردنی زاراوە:**

یەکێك لە پێویستییەکانی توێژینەوە (پرۆگرامدانان)، هەڵبژاردنی وردی زاراوە هونەرییەکانە/ زمانییەکانە. دیارە هەر زانایەك/ زمانەوانێك کۆمەڵێك زاراوەی تایبەت بە بوارە زانستییەکەی خۆی بەکاردەهێنێت، کە مەبەستی توێژینەوەکان/ پرۆگرامەکانی پێبەدیدەهێنێت. ئەوەی ئەم زاراوانەش جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە (بەش و پۆلەکان) دەگەیەنێت.

پەیوەست بە (بەش و پۆلەکان)ەوە، شیکردنەوە پراکتیکییەکانی بەشی دووەم هەموو ئەو زاراوانەی ئەم لایەنانە دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، کە لە کتێبەکانی خوێندنی (پێنجەم و شەشەم و حەوتەمی بنەڕەتی)دا بەکاربراون.

**توێژەر/ پرۆگرامدانەر لە زاراوەدانان و هەڵبژاردندا پێویستە ئەم لایەنانە ڕەچاوبکات:**

1. لە هەڵبژاردنی زاراوەکاندا وردبێت و لە دیاریکردنی واتای زاراوەکانیدا ڕوون بێت.
2. هەڵبژاردنی ئەو زاراوانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە بابەتی توێژینەوەکەوە هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش، پێویستە پشت بەو زاراوانە ببەسترێت، کە لەنێوان زمانەوانەکاندا کۆدەنگییەك لەسەری هەیە، لەبەرئەوەی زاراوە، ڕێککەوتنە لەسەر واتای وشەیەك بۆ گەیاندنی ناوەڕۆکێکی دیاریکراو، کە پێشتر ئەو واتایەی نەبووە و لەگەڵ واتا فەرهەنگییەکەی یەکناگرێتەوە. عەبدولواحد موشیر دزەیی(2011: 15)
3. هەڵبژاردنی زاراوەی باو و ڕۆیشتوو، یان داهێنانی زاراوەی نوێ پێویستە لەسەر بنەمای پێوەری دیاریکراو بێت، بە واتای ئەوەی، زاراوەکە لەسەر بنەمای (فۆرم، یان ئەرك، یان واتا) دیاریبکرێت. محمد حسن عبدالعزیز (1983: 29)
4. توێژەر ئەو زاراوانە هەڵدەبژێرێت، کە بەرانبەر یەك دیاردەی زمانییە. بە واتای ئەوەی بۆ یەك واتا، یان دیاردەی زمانیی، یەك زاراوە هەبێت، بۆئەوەی توێژینەوەکە لە بنەمای وردی و ڕوونی نزیکببێتەوە. سەرچاوەی پێشوو، 24

**أ.** لە کاتی دانانی زاراوەی نوێدا، پێویستە توێژەر ئەوە لەبەرچاوبگرێت، کە گۆکردنی زاراوەکان کورت بێت و بەپێی بنەمای ڕێگاکانی دروستکردنی وشەکانی زمانەکە بێت، بۆئەوەی بەئاسانی بەکاربێت و ڕێککەوتنی لەسەر بێت.

هەرچەندە سنورێکی دیاریکراو لەنێوان زاراوە و وشەدا هەیە، بەڵام زاراوە زمانییەکانیش بەهەمان پێودانگی وشەکان دروستدەکرێن، واتە بەهەمان ڕێگای مۆرفۆلۆجیی زمان بەبەرهەمدێن. لە گرنگترین ئەو ڕێگایانەش: لێکدان(compounding) تێکەڵکردن (blending)، بڕین(clipping)، کورتکردنەوە Abbrivation، پۆلگۆڕین(conversion)، ئەکرۆنیم (acronyms)، دارشتن (derivation)، داهێنانی وشە( invention)، دووبارەکردنەوە (reduplication)، لاساییکردنەوە (onomatopoeic).

ئەوەی تێبینیدەکرێت لە زمانی کوردیدا، کەم تا زۆر ئەم ڕێگایانە پەیڕەوکراون، بەڵام لە ناویاندا ڕێگەکانی (لێکدان و دارشتن) زۆر بڵاون:

**لێکدان:** بریتییە لە لێکدانی دوو بناغە (base)، یان زیاتر، کە هەردووکیان وشەی تەواون، یان بەلای کەمەوە ڕەگن وەك/ پێشناو(پێش +ناو ) بەرانبەر (preposition) ی زمانی ئینگلیزیی.

**دارشتن:** ئەو ڕێگەیەیە، کە بەهۆیەوە وشە و زاراوەی نوێ لەڕێگەی یەکگرتنی بناغە و پێشگر و پاشگر دروستدەبن. بۆ نموونە بـ +کەر= بکەر بەرانبەر(subject)ی زمانی ئینگلیزیی. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم ڕێگایانە، بڕوانە: (أ. ئەوڕەحمانی حاجی مارف(1977)، ب. Katamba (1993)، پ. شێرکۆ حمە أمین قادر (2002)، ت. شاخەوان جلال حاجی فرج (2006)، ج. محەمەدی محوی (2010)، چ. محەمەد عومەر عەول(2001))

**ب.** هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی داتایان لێوەردەگیرێت و دارشتنی فۆڕمی ڕاپرسییەکان، ئەگەر بڕوانینە هەڵسوکەوتی زمانیی قسەپێکەرانی زمانێکی دیاریکراو، دەبینن ڕێککەوتنێك لە هەڵسوکەوتی زمانیدا لە ڕوانگەی هاوشێوەیی بەکارهێنانی فۆرمە زمانییەکانیاندا هەیە، بەپێی ئەم بنەمایەش، زمانەوانەکان جۆرە دڵنیاییەکیان هەیە لەوەی، زمانی تاکێك لە تاکەکانی کۆمەڵێکی زمانیی دیاریکراو، نەریتی زمانیی قسەپێکەرانی تری ئەو زمانە لە هەمان کۆمەڵی زمانییدا دەنوێنێت.

لەم ڕوانگەیەوە، توێژەر/ پرۆگرامدانەر لە هەڵبژاردنی قسەپێکەرانی زمانێکی دیاریکراو بۆئەوەی داتایان لێوەربگرێت، پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکات. محمد حسن عبدالعزیز (1983: 35).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (1)، حزيران 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

1. سەرجەم کەسانی هەڵبژێردراو، قسەپێکەری ڕەسەنی زمانەکە، یان ئەو دیالێکتە بن، کە توێژینەوەکەی تێدا دەکرێت.
2. توێژەر بەپێی ئامانجی توێژینەوەکەی، سەربەستە لە هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی ژینگەیەکی هاوشێوەیان هەیە، یان سەر بە ژینگەی کەلتووریی جۆراوجۆرن.
3. ئەو کەسانەی هەڵدەبژێردرێن، باشتر وایە شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە زانستی زماندا نەبێت.
4. هەڵبژاردنی ژمارەی کەسەکان بەپێی پێویستی و ئامانجی توێژینەوە جیاواز دەبێت.
5. ئەو پرسیارانەی لە داڕشتن و ئامادەکردنی فۆرمی ڕاپرسیدا ئاراستەی ئەو کەسانە دەکرێن، کە داتایان لێوەردەگیرێت، نابێت توێژەر لە چێوەی پرسیارەکاندا مەبەستی ڕاستەوخۆ دیاریبکات(نابێت پشت بە بۆچوون و تێڕوانینی کەسەکان ببەستێت)، لەبەرئەوەی لەوانەیە ئەو کەسە لەواتا و مەبەستی پرسیارەکان نەگات، یان تێڕوانینی لێڵ و هەڵە بە توێژەر بدات.

**2. وردیی:**

بیرکردنەوەی زانستیی، بە وردیی و بێلایەنیی دەناسرێتەوە. توێژەری زانستیی، هەوڵی دیاریکردنی کێشەیەك/ بابەتێك بە وردیی دەدات و پێوستە ئەو ڕێوشوێنانەی لە توێژینەوەکەدا دەیانگرێتەبەر، بەوردیی دیارییانبکات //Htp//:edu.uokufa.edu.iq/staff، یەکێك لە پێوستییەکانی توێژینەوە و پرۆگرامی زانستییانە، وردییە، لەبەرئەوەی بەپێی تێڕوانینی زانستییانە، شیاو نییە دەربڕاوێك وازلێبهێنین بەبێئەوەی بە وردیی شیبکرێتەوە، یان بابەتێك بە تێکەڵوپێکەڵی بخرێتەڕوو.

بۆ ئەم مەبەستەش، زمانەوانەکان/ زانایان زمانی ماتماتیکیی (هێمای ماتماتیك) لە کارەکانیاندا بەکاردەبەن، لەبەرئەوەی ئەم شێوازە یارمەتیی دەربڕینی ڕاستییە زانستییەکان بەشێوەیەکی ورد دەدات. محمد حسن عبدالعزیز (1983 :38). دیارە زمانی ماتماتیکیش، لەسەر پێوانی ورد وەستاوە و توێژەر بەزمانێکی بێلایەن تێیدا قسەدەکات//http :// edu.uokufa.edu.iq/staff

**2/1 . ڕێکخراوەیی/ پێرەوبەندیی:**

شیکردنەوە زانستی و پێرەوبەندییەکانی زمان ئەوەمان پێڕادەگەیەنن، کە پێویستە ڕێزمانی زمانێك بەو شێوەیە پەسنبکرێت و شیبکرێتەوە، کە هەیە، نەك ئەوەی دەبێت چۆن بێت، بۆیە "زانستی زمان هەوڵ بۆ جۆرێك تەواویی (پڕاوپڕیی "ADEQUATELY") لە پەسنکردنەکەیدا دەدات و خۆی لەپێناویدا ماندوودەکات. زمان لە گشتێتیدا دەبێتە بابەت و ئەویش ئەوە دەبەخشێت، ئەرکی ناوەندی، چەقیی و سەرەکیی زانستی زمان ئەوەیە، دیاریبکات زمان چ واتایەك دەبەخشێت، کام دیاردانە و لە کام ڕووەوە ئەو دیاردانە بەزمانیی دادەنرێت و چۆن ئەو دیاردانە لەناو خۆیاندا پەیوەستدارن، یان وابەستەی یەکترن، وەڵامەکانی ئەو پرسیارانە ناونراوان <تیۆری زمان> " محەمەدی مەحویی (2001: 18).

لەم ڕوانگەیەوە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی بیرکردنەوەی زانستیی، ڕێکخراوەیی/ پێرەوبەندییە، بە واتای ئەوەی ئێمە بیرەکانمان بە ئازادیی وازلێناهێنن، بەڵکو بەرێگەیەکی دیاریکراو و بە هۆشیارییەوە ڕیزبەندیدەکەین و ئاراستەیدەکەین، بۆ ئەم ئامانجەش، هەوڵێکی مەبەستدار لەپێناوی بەدەستهێنانی باشترین نەخشە بۆ ئەو ڕێگایەی بیری پێدەکەینەوە، دەدەین. محمد حسن عبدالعزیز (1983: 40)، لەبەرئەوەی خودی بیرکردنەوەی زانستیی، شێوازێکە، یان ڕێگایەکە بۆ توێژینەوە و کۆزانین پەیداکردن، پشت بە میتۆدێك دەبەستێت، کە پەیوەندییەکی ڕێکخراو لەنێوان دیاردەکاندا دادەمەزرێنێت//http :// edu.uokufa.edu.iq/staff

لێکۆڵینەوەش لە دیاردەیەکی ئاڵۆز و بەیەکداچووی وەك زمان (ئەو ڕستەو دەربڕراوانەی تانوپۆی زمان دەکێشن، بێکۆتایی و جۆراوجۆرن)، پێوستی بەگرتنەبەری ڕێگایەکی پێرەوبەندانەیە، لێکۆڵینەوەی پێرەوبەندانەش (لێکۆڵینەوەی زانستییانە)، پشتبەست بە (ڕێباز)ێکی ڕێکخراو دەبێت، بۆیە لەم جۆرە لێکۆڵینەوە زانستییانەدا پێویستە سوود لە ڕێبازێکی لێکۆڵینەوەی زانستیی ببینرێت، ئەمەش لە چێوەی ئەم ڕێسایانەی خوارەوەدا: محمد حسن عبدالعزیز (1983: 40_46).

1. هەر زانستێك پسپۆرە لە کۆمەڵێك دیاردەدا، کە دەبێتە بوارو بابەتی توێژینەوەکەی (زانستی زمان بوارەکەی زمانە – داتاکان، کە لە قسەی ڕۆژانەی خەڵکەوە وەردەگیرێت).
2. بنەمای تێبینیی ڕاستەوخۆی داتاکان، ئەمەش خۆی لە کردەکانی (هەڵبژاردن و جیاکردنەوەو دابڕکردن)ی دیاردەکاندا دەبینێتەوە، بۆ نموونە داتا زمانییەکان دەنگ بێت، یان وشە و مۆرفێم، یان ڕستە، ئەم دیاردە زمانییانە دەخرێنە ژێر تیشکی تێبینیکردنەوە و هەڵدەبژێردرێن و دابەش و پۆلدەکرێن لەسەر بنەمای لایەنی لێکچون و جیاوازیی ئەم دیاردانە.
3. دوای بەدەستهێنانی پێویستییەکان و ڕیزبەندکردنی داتاکان، توێژەر گریمانە بۆ ڕاڤەکردنی ئەم دیاردانە دادەنێت.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

4. پاش دانانی گریمانەی شیاو بۆ شیکردنەوەی دیاردەکان، وا پێویستدەکات ڕاستیی گریمانەکان بسەلمێنێت، لەبەرئەوەی بنەمای گریمانە لەوەوە سەرچاوەدەگرێت، کە بڕیار لەسەر پەیوەندییەك دەدات، ئەم پەیوەندییە دەشێت ڕاستیی، یان هەڵەیی دەربخرێت. ئەمەش بەوەی ئەم دیاردانە بخرێنە بارودۆخێکەوە تێیدا تاقیبکرێنەوە و بارودۆخی تاقیکردنەوەکە پێویستە ڕوون و ئاشکرا بێت بەمەبەستی دووبارە تاقیکردنەوەی لەلایەن توێژەرانی ترەوە.
5. دیارە دوای ئەو قۆناغانەی پێشتر باسکران، توێژەر دەگاتە قۆناغی کۆتایی، کە بریتییەلە بەیاسا و ڕێسابوونی گریمانە تاقیکردنەوەکان.

**3/1 . بابەتێتیی:**

چەمکی بابەتێتیی لە بنەڕەتدا لە کەشوهەوایەکی زانستیدا گەشەیکردووە، ئەویش بەدوای مێتۆدی ئەزموونبەندانەدا بەشێوەیەکی تیۆرتەسەل و ورد گەشەیکرد. www.alrashad.org

چەمکی بابەتێتیی، سیمایەکی بنەمایی شیکردنەوەی زانستییە، مەبەست لەم لایەنە ئەوەیە، ئەو بابەتانەی دەوروژێنرێن و ئەو ئەنجامانەی توێژەر پێیاندەگات و ئەو بەڵگانەی پشتیانپێدەبەسترێت، بەشێوەیەکی گشتی دەبێت بتوانرێت تێبینی و تاقیبکرێنەوە، ئەو وشەیەش، کە سەرجەم ئەم وتانە کۆدەکاتەوە ئەوەیە، کە پێویستە کاری زانستیی، ئەزموونبەند بێت. دیارە کارکردنی ئەزموونبەندانەش ئەو هەڵبژاردنەیە، کە لە چێوەیدا دیاردەیەك لە بارودۆخێکی ئەزموونبەندی بڕیارلێدراودا تاقیدەکرێتەوە، تێیدا ئەنجامەکان شیاوی تێبینیکردنی ڕاستەوخۆ و بڕیاری ڕاستەوخۆن، لەبەرئەوەی ئەگەر دیاردەکە جارێکی تر تاقیکرایەوە، ئەوا توێژەر دەگاتە هەمان ئەنجام و بڕیار. محمد حسن عبدالعزیز (1983: 46)

بۆ زیاتر قووڵبوونەوە لەم چەمکەش، دەکرێت لە ڕوانگەی هەردوو واتاکەیەوە لێکیبدەینەوە "لەلایەکەوە ئەوە دەبەخشێت، کە دەبێت کاری لێکۆڵینەوەو پشکنینەکە زمان خۆی بێت، لەلایەکی تریشەوە ئەوە دەگەیەنێت، کە پێویستە داتاکان لە زمانەکە خۆی هەڵبهێنجرێت. هەردوو نیشانە تایبەتییەکە توند بەیەکەوە بەندن و بەیەکەوە کاری زانستیانە تەواودەکەن" محەمەدی مەحوی (57:2001).

**4/1. گشتگیریی و بێگومانیی:**

1.**گشتگیریی:**

کۆزانینی زانستیی، کۆزانینێکی گشتگیرە، بەو واتایەی بەسەر سەرجەم ئەو نموونەو دیاردانەدا، کە زانستەکە لێیدەکۆڵێتەوە، جێبەجێدەبێت و پەیوەندیی بە دیاردە تاکەکانەوە نییە. مەبەست ئەوەیە، ئەگەر توێژەر لە دیاردەیەکی تاکیشەوە لێکۆڵینەوە دەستپێبکات، ئەوا بەپێی زانست بە لێکدانەوەی ڕەهەندە بابەتییەکانی ئەم دیاردەیە دەتوانێت بەرەو یاسایەکی گشتگیر بڕوات، ئەم یاسایەشی بەسەر دیاردە هاوشێوەکاندا پەیڕەودەکرێت. محمد حسن عبدالعزیز (60:1983)

لەم تێڕوانینەوە لەبواری لێکۆڵینەوەی زمانیدا،(کریستاڵ) دەڵێت:

ئەگەر پەسنکردنی کەرەستەکانمان بەپێی ڕێسای پێویست پشتبەستکرد، کە کەرەستە و دیاردەکانمان بۆ شیبکاتەوە، ئەوا ئەم پەسنکردنە لەوانەیە باشتربێت لەو پەسنکردنەی سێ لەسەر چواری کەرەستەکانمان بۆ ڕوووندەکاتەوە، بەواتایەکی تر، ئەگەر پەسنکردن هەر کەرەستەیەکمان بەرێگایەکی ئابوورییانە بۆ ڕاڤەبکات (ئابوورییانە لێرەدا دیاریکراوە لە ڕوانگەی ژمارەی هێما و ڕێسای پێویستیی بۆ ڕاڤەکردن)، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە ئەم پەسنکردنە باشترین پەسنکردن بێت. دیارە شیاوترین ڕێسای زمانیی ئەوانەن، کە کورت و پوخت و گشتگیرن و زۆربەی دیاردەکان بگرنەوە.

زمانەوان مامەڵە لەگەڵ وێنە تاکەکانی قسەکردندا ناکات، ئەوەی (سۆسێر) زاراوەی "laparol" ی بۆ بەکارهێناوە، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ دیاردە گشتییە هاوبەشەکانی (زمان "lalangue")دا دەکات.

ئەمەش بەوپێیەی وێنە تاکەکان دوورن لە یەکگرتوویی و گونجان، بۆیە بە کەڵکی لێکۆڵینەوە نایەت، بۆئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لە دیاردەیەکدا بکەین، ئەوا پێویستە بابەتێکی دیاریکراومان هەبێت، بۆئەوەی بتوانین ئاماری بەشەکانی بکەین و شیکردنەوەی بۆ بکەین (چالاکیی گوتنی تاکەکان دیاریکراو نییە).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**2. بێگومانیی (بەبەڵگەوەسەلماندن):**

بێگومانیی لە زانستدا پەیوەندییەکی بەهێزی بە سیمای گشتگیرییەوە هەیە. ئەو گشتگیرییەی پێشتر وترا، بابەتە زانستییەکانی پێدەناسرێتەوە.

بەوپێیەی هەموو ئاوەزێك پێویستە بێگومان بێت (بە بەڵگەو سەلماندنی گومانلێنەکراو) لەو ڕاستییەی، کە خۆی بەسەریدا دەسەپێنێت، بێگومانیی لێرەدا، بێگومانیی بابەتییە، کاتێکیش بێگومانیی، بابەتییانە دەبێت، کە پاڵپشت بێت بە بەڵگەی لۆجیکیی باوەڕپێهێنەرانە بۆ باوەڕهێنان بەهەر ئاوەزێك.
بۆ گەیشتن بەم بێگومانییە بابەتییەش، پێویستە هەموو جۆرەکانی بێگومانیی خودیی بڕوخێنرێت، بۆیە زانا وەك هەنگاوی یەکەمی توێژینەوەکەی پێویستە هەموو تێڕوانین و وێنایەکی نابابەتیی، کە لە مێشکی کەسانی تردا هەیە، هەڵبوەشێنێتەوە.

جێی ئاماژەیە کاتێك دەوترێت بێگومانیی زانستیی پشت بە بەڵگەی لۆجیکیی دەبەستێت، ئەمە بە ڕەهایی مەبەست لەوە نییە جێگیر و کۆتایی بێت، بەڵکو مەبەست ئەوەیە بەڵگەی زانستیی، بڕوا بە هەموو ئەو کەسانە دەهێنێت، کە لەم بەڵگەیە بگەن لە ژێر ڕۆشنایی باری زانستەکە لە سەردەمێکی دیاریکراودا، بەڵام وەك ئەوەی بابەتێکی زانستیی ببێتە ڕاستییەك خۆی بەسەر خەڵکیدا لەهەموو سەردەمێکدا بسەپێنێت، ئەمە لەگەڵ سروشتی خودی زانستدا ناگونجێت. بۆ ئەم زاراوانە بڕوانە: (أ. لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی(2013 :24-25)، ب. لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، پۆلی شەشەمی بنەڕەتی(2011 :19-25)، پ. لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی(2012 :91))

**2. لێکدانەوەی بنەما زانستییەکان لە پرۆگرامەکاندا:**

بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە، تەرخانکرا بۆ بنەما زانستییەکان لە پرۆگرامەکانی خوێندندا، کە خۆیان لە (ڕوونیی و وردیی، ڕێکخراوەیی/ پێڕەوبەندیی، بابەتێتیی، گشتگیریی و بێگومانیی)دا دەبیننەوە. لەم بەشەی توێژینەوەکەدا هەوڵدەدەین لە ڕوانگەی ئەو بنەمایانەوە هەڵسەنگاندنێك بۆ کتێبەکانی خوێندنی پۆلەکانی (پێنجەم، شەشەم، حەوتەم)ی بنەڕەتی بکەین.

لە دەستپێکی ئەم بابەتەدا کۆمەڵێك پرسیار دەوروژێنین و دواتر وەڵامیاندەدەینەوە:

- ئایا بنەمای ڕوونیی، لە هەڵبژاردنی داتاکان و زاراوەکان و داڕشتنەوەی ڕێساکاندا تا چ ڕادەیەك بەدیدەکرێت؟
- بنەمای وردیی تا چ ڕادەیەك لەم پرۆگرامانەدا ڕەنگیداوەتەوە، بەو واتایەی دەربڕاوی زمانیی تێدایە بەوردیی شینەکرابێتەوە و بەتێکەڵی خرابێتەڕوو، یان نا؟
- لەڕووی ڕێکخراوەییەوە، ئایا پێڕەوی زمانەکە وەك ئەوە شیکراوەتەوە، کە هەیە؟ ڕیزبەندیی لەخستنەڕووی بابەت و تەوەرە ڕێزمانییەکاندا چۆنە و چییە؟
- چەمکی بابەتێتیی وەك بنەمایەکی کاری زانستییانە، وەك لایەنێکی چەقیی و کرۆکیی تا چ ڕادە و ڕێژەیەك پشتپێبەستراوە؟
- ئایا ئەوەی ناونراوە دەستوورو ڕێساکانی ئەم پرۆگرامە لەڕووی بنەمای گشتگیریی و بێگومانییەوە، بەڵگە زانستییەکانی تا چ ڕادەیەك بڕواپێهێنەرن؟

بە مەبەستی گەڵاڵەکردنی وەڵامی ئەم پرسیارانە، سەرەتا لە زاراوە زمانییە بەکارهاتووەکانی کتێبەکانی خوێندنەوە دەستپێدەکەین و دواتر بنەماکانی تریش ڕووندەکەینەوە:

**1/2. ڕوونیی وردیی:**

لەم پرۆگرامەدا هەست بە بوونی فرە زاراوەیی بۆ هەمان دیاردە دەکرێت، بۆ نموونە زاراوەکانی (کات_ تاف_ دەمکات _ دەم و کات) بەرانبەر (تاف _ tense) دانراوە. (لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی(2013: 26))، کە لەڕاستیدا بەپێی بنەمای ڕوونیی و وردیی، پێویستە یەك زاراوە بەرانبەر دیاردەیەکی ڕێزمانیی هەڵبژێردرێت، واتای زاراوەکەش پێویستە کۆدەنگییەك لەسەری لەلایەن زمانەوانەکانەوە هەبێت، ئەمە جگەلەوەی لێرەدا زاراوەکانی (کات، تاف) تێکەڵکراون، لەکاتێکدا دوو چەمکی جیاوازن و هەڵگری دوو واتای ڕێزمانیی جیاوازن. هەروەك (تاف) بەرانبەر (tense) بەکاردێت، کە لە زمانی کوردییدا بە مۆرفیم دەگەیەنرێت، لە بەرانبەریشدا، (کات) بە واتای (Time) دێت و لەڕێی ئاوەڵکرداری کاتییەوە نیشانەدەکرێت. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (أ. محەمەدی مەحویی (2011)، ب. عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (2020)). هەر لەمڕووەوە، گرنگە ئەوەش بگوترێت، بنەمای فرەزاراوەیی لەم پرۆگرامانەدا، بەکارهێنانی وشەو زاراوەی دیالێکتە جیاوازەکانە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص:24-35
المجلد (6) – العدد (1)، حزيران 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ئەگەر بروانینە پێناسەی کار (ئەو وشەیەیە کە کردەوەیەك دەداتە پاڵ کەسێك یان شتێك لە دەمێکی دیاریکراودا). ئەم پێناسەیە:

1. زاراوەی (کار) ی بەرانبەر (فعل (verb / تێدا بەکارهاتووە، کە شیاوترە زاراوەی (کردار)ی بۆ بەکاربهێنرێت، لەبەرئەوەی لەڕووی زمانەوە(کار) بەرانبەر (عمل ( job/ دێت، بەڵام دەکرێت زاراوەی (کردار) وەك زاراوەیەکی ڕێزمانیی هەڵبژێرین، کەتێیدا گونجاوتر بەرانبەر چەمك و واتایی (verb) دەوەستێتەوە.
2. لە پێناسەکەدا زاراوەی (کردەوە) بەرانبەر (ڕووداو) بەکارهاتووە، کە لەڕاستیدا (ڕووداو) شیاوترە، لەبەرئەوەی کردەوە لە چەمکی (ڕەفتار)ەوە نزیکە و ڕوودانیش لە کرداردا مەرج نییە هەموو کاتێك ڕەفتار و کردەوە بێت.

ئەگەر لە زاراوەی(وشە) بەرانبەر (پەیڤ) وردبینەوە، دیسانەوە ڕووبەڕووی بەکارهێنانی چەند زاراوەیی دەبینەوە، بۆیە بەپێی بنەمای وردیی ڕوونیی لە کاری زانستیدا، زاراوەکانی ڕێزمان دەبێت ڕوون و وردو دانپێدانراو بن، ئەگەر لێکدانەوەی ئەم دیاردەیە (لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی (18:2012))، مەبەست نزیککردنەوەی هەردوو دیالێکتی کوردیی ناوەڕاست و کوردیی ژووروو بێت، ئەم کارە لەڕووی زانستییەوە لەبواری زاراوەدا شیاو نابێت، بەتایبەتیش ئەو بەڕێزانەی ئەم پرۆگرامەیان داناوە، هەوڵیانداوە ئەم دوو دیالێکتە لە ڕوونکردنەوەو خستنەڕووی بابەتە ڕێزمانییەکاندا نزیکبکەنەوە.
با بروانینە ئەم دوو ڕستەیە:

1. گەڵای دارەکە وەری.
2. دایکی شەهید فرمێسکی خوێنین دەڕێژێت.

لە ڕستەی یەکەمدا دارەکە (تەواکەری بکەر)ە. (لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، پۆلی شەشەمی بنەڕەتی (23:2011)) و لە ڕستەی دووەمدا شەهید (دیارخەری ناو)ی دایکە. (لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی (53:2013)). ئێمە وێڕای ئەوەی لە داهاتوودا باس لە چەمکی (تەواوکەر) و (بەرکار) دەکەین ، بەڵام لێرەدا ئەوەی جێی ئاماژەیە لە پۆلێکی خوێندندا ئەم دیاردە زمانییە بە (تەواوکەری بکەر) ناودەبرێت، لە پۆلێکی تردا بە (دیارخەری ناو) ناودەبرێت، لەکاتێکدا ئەم دوو دیاردەیە لەڕووی زانستییەوە یەك دیاردەن، بۆیە پێویستە زاراوەیەکی بۆ هەڵبژێردرێت، کە پراوپڕی دیاردەکە بێت، ئەویش شیاوترە (دیارخەری ناو)ی پێبوترێت، چونکە هەم دیاردەکە خۆی (دیارخەر)ە و هەم لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ چەمکی (تەواوکەر)دا تێکەڵنابێت.

**2/2. ڕێکخراوەیی/ پێڕەوبەندیی:**

لە ڕوانگەی ڕێکخراوەییەوە، یان پێڕەوبەندییەوە، پەسنکردنی دیاردە زمانییەکان دەبێت پراوپڕ و هاوشێوەی خودی پێڕەوە زمانییەکە بێت، لەلایەکی تریشەوە پێویستە ڕیزبەندییەك لە پەسنکردن و شیکردنەوەکاندا هەبێت، بەمپێیە ئەگەر بروانینە پێناسەی (برگە) و (پیت) و وەك نموونە وەریانبگرین، ئەوا دەبینین:

**برگە:** پارچە وشەیەکە بەیەکجار لە زار دێتەدەرەوە.

**پیت:**

**پیتی بزوێن:** ئەو پیتانەن، کە دەنگدارن و یارمەتی پیتە نەبزوێنەکان دەدەن لە کاتی دەربریندا.
**پیتی نەبزوێن:** ئەو پیتانەن، کە بەبێ یارمەتی پیتی بزوێن دەنگەکانیان بە ئاسانی لە دەمەوە نایەتە دەرەوە. (لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی (2013: 16، 19).

- بابەتەکانی (برگە) و (پیت) لەپۆلی پێنجەمی بنەڕەتیدا دوو بابەتی بەدواییەکدا هاتوون، بەڵام تێبینیدەکرێت، کە:

1. لەڕووی ڕیکخستنەوە، ڕاستە دوو بابەتەکە بەدواییەکدا هاتوون، بەڵام پەیوەندییە لۆجیکی و ڕێزمانییەکانیان باسنەکراون. بەو واتایەی پێویستە برگە هەم لەسەر بنەمای چۆنێتیی دەربرین (بەمەبەستی جیاکردنەوە) باسبکرێت وەك لە پرۆگرامەکەدا هاتووە و هەم لەسەر بنەمای ئەوەی پیتەکان یەکەی زمانیی پێکهێنی برگەن، پێویستبوو ڕوونبکرێتەوە، چونکە بنەمای پەیوەندییە ڕێزمانییەکە گرنگە.
2. برگە یەکەیەکی ئاستی فۆنۆلۆژییە، بۆیە جیاکردنەوەی برگە زانستییە لەسەر بنەمای (فۆنێم) بێت، نەك (پیت)، لەبەرئەوەی پیت دانەیەکی ئاستی نووسینە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ص:24-35
المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (6) – العدد (1)، حزيران 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

- له یەکێك له بابەتەکانی پۆلی پێنجەمدا (جۆرەکانی وشه) لەڕووی داڕشتنەوه باسکراوه. (لیژنەیەك له وەزارەتی پەروەردە، پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی (2013: 12، 13))و له پۆلی حەوتەمدا (شێوەکانی وشه) بۆ ساده و ناساده، ناسادەش بۆ داڕێژراو و لێکدراو دابەشکراوه. (لیژنەیەك له وەزارەتی پەروەردە، پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی (2012: 13_15).

ئەگەر له ڕوانگەی پێڕەوبەندیی و ڕێکخراوەییەوه بڕوانینه ئەم دوو بابەته، ئەوا پێویستبوو ناونیشانی بابەتەکه یەکبخرێت، لەبەرئەوەی ئەم لایەنە تەنها کێشەی زاراوه نییه، بەڵکو بنەمای دابەشکردنەکه دەبێت یەکبخرێت، که لەڕاستیدا ئەم دابەشکردنە (جۆرەکانی وشه) یه لەسەر بنەمای (شێو/ داڕشتن).

-بابەتێکی دیکەی پۆلی شەشەم بریتییەله (جۆرەکانی ڕسته لەڕووی چۆنیەتیی دەربڕینەوه و دابەشکراون بۆ: ڕاگەیاندن، پرس، داخوازی، سەرسوڕمان) (لیژنەیەك له وەزارەتی پەروەردە، پۆلی شەشەمی بنەڕەتی (2011:12)). له بابەتێکی پۆلی حەوتەمدا (جۆرەکانی ڕسته بەپێی ناوەڕۆك) دابەشکراوه بۆ: ڕاگەیاندن، پرس، سەرسوڕمان. (لیژنەیەك له وەزارەتی پەروەردە، پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی (2012: 24-42).

لەم دوو بابەتەدا سەرنجی ئەوه دەدرێت (ڕستەی داخوازی) له پۆلی حەوتەمدا له پۆلکردنەکەدا بوونی نەماوه، بەڵام هۆکاری ئەم دیارنەمانه ڕووننەکراوەتەوه، ئەگەر بنەمای دابەشکردنەکەیان یەك بنەمان، ئەوا پێویسته له پۆلی حەوتەمیشدا ڕستەی داخوازی بخرێته پۆلکردنەکەوه، ئەگەر بنەماکەش جیاوازه، ئەوا ڕسته لەڕووی ناوەڕۆکەوه، (داخوازی) دەبێت بەجۆرێکی.

- له ڕوانگەی ڕێکخراوەیی و پێڕەوبەندییەوه، یەکێك لەو باسه گرنگانەی لەهەر زانستێکدا قسەی لەسەر دەکرێت، ئەوەیه پێویسته هەر زانستێك دیارده و نموونه (داتا) ی خۆی هەبێت، که زانستەکه کاری لەسەر بکات و هەوڵی پەسنکردن و شیکردنەوەیان بدات. لەم تێڕوانینەوه نموونەکانی ئەم پرۆگرامه ڕاسته له زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکەوه وەرگێراون، بەڵام هەر له زمانی ئاخاوتنی خەڵکیشەوه بنەما ئاکارییەکان و بەها پۆزەتیڤییه کەلتوورییەکان دەکرێت وەربگیرێت و بکرێته بنەمای پەروەردەکردنی کەسێتیی خوێندکارەکان. (بەتایبەتی بۆ پۆلی پێنجەم و شەشەم)، بەو واتایەی وشەو ڕستەکان هەم شیکردنەوەی زمانییان لەسەر دەکرێن، هەم ڕەهەندێکی پەروەردەییشیان دەبێت.

**3/2 بابەتێتیی:**

بنەمای بابەتێتیی، چەمکێکی بنەمایی و پەیوەستداره به سەرجەم بنەماکانی ترەوه، بۆیه سیمای هەره گرنگی کاری زانستییانه، بابەتێتییه.
بۆ ئەم مەبەستەش با بڕوانینه بابەته ڕێزمانییەکان لەم ڕوانگەیەوه:

- له یەکێك لەبابەتەکانی پۆلی پێنجەمدا (جۆرەکانی وشه لەڕووی داڕشتنەوه)، که بریتین له وشەی ساده، وشەی ناساده، خراوەتەڕوو. (لیژنەیەك له وەزارەتی پەروەردە، پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی (2013 :12، 13).

له بابەتێکی تری هەمان پۆلدا (جۆرەکانی وشه لەڕووی ڕێزمانەوه) خراوەتەڕوو، که دەکرێن به (چاوگ، کار، ناو، جێناو، هاوەڵناو، هاوەڵکار، ئامراز). (لیژنەیەك له وەزارەتی پەروەردە، پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی (21:2013).
له ڕوانگەی زانستیی(بابەتێتی)، بڕوانینه جۆرەکانی وشه:

1. ناساندنی جۆرەکانی وشه لەسەر بنەمای (بێژه)یه، که زانستیتره لەسەر بنەمای (مۆرفیم) بێت، تەنانەت ئەگەر بەشێوەیەکی ساده و ساکاریش بخرێتەڕوو، بیری مۆرفیمیش جێگرەوەی بیری وشەیه له پەسنکردن و شیکردنەوه ڕێزمانییەکاندا، جێی ئاماژەشه، که شیکردنەوەی ڕێزمان لەسەر بنەمای وشه، کۆنه و ئەنجامی زانستیانه بەدەستەوەنادات.
2. لەڕووی زانستییەوه دابەشکردنی وشه بۆ ساده و ناساده بەپێی بنەمای شێوەیه، بۆیه دەکرێت بوترێت (جۆرەکانی وشه) ئەمه له پرۆگرامەکەدا تەواوه، بەڵام بابەتی دووەمیان لەڕاستیدا جۆری وشه نییه، بەڵکو (پۆلی وشه) یه، لەبەرئەوەی وشەکانی زمان گروپ گروپ تایبەتمەندیی (مۆرفۆلۆژیی و ڕستەسازی و واتاسازیی) کۆیاندەکاتەوه و به پۆل (category) ناودەبرێت و جیادەکرێتەوه.

- له بابەتی (بنچینەکانی ڕسته)دا، بنچینەکانی ڕسته به کۆمەڵەی ناو (بکەر) و ( کۆمەڵەی کار) باسکراوه. (لیژنەیەك له وەزارەتی پەروەردە، پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی (2013: 44، 45)ی پۆلی پێنجەمدا)، بەڵام له نموونەکاندا دوو ڕستەی وەك (من ستران دەبیستم) و (ڕێباز نامه دەنوسێت)، (ستران) و (نامه)، که (بەرکار)ن، نه باسکراون و نه ڕوونکراونەتەوه. لەلایەکی تریشەوه خودی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.2

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

پێناسەی ڕستە لەسەر بنەمای واتایە، لەکاتێکدا ڕوونکردنەوەی بەکارهێنانی کەرەستەکان لەڕستەدا ئەرکی سینتاکسییە، لەمبارەیەوە لە پرۆگرامەکدا هاتووە، کە: (ڕستە بریتییە لە کۆمەڵە وشەیەك پێکەوە واتایەکی تەواو دەدەن).

-جێناوە کەسییە لکاوەکانی کۆمەڵەی دووەم بریتین لە (م_ ین/ یت _ ن/∅_ن) بابەتێکی پۆلی (شەشەم)ە. (لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، پۆلی شەشەمی بنەڕەتی (2011: 48، 49).

لە هێنانەوەی نموونەکاندا، سەرجەم نموونەکان ڕابردوون و لە کەسی سێیەمدا جێناوەکە دەبێتە مۆرفیمی سفر (∅) ، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، لەڕاهێنانی (1) دا داوا لە خوێندکار کراوە جێناوی لکاوی ڕستەکان دیاریبکات. لەناو جێناوەکاندا لە کاتی ڕانەبردوودا بەرانبەر مۆرفیمی سفر، (ات/ێت) بۆ کەسی سێیەمی تاك ئەم ئەرکە دەبینن، بەڵام پێشتر لە ڕوونکردنەوەی بابەتەکەدا ئەم دوو جێناوەیان بۆ باسنەکراوە، بۆیە گونجاوترو بابەتێرە کۆمەڵەی دووەم بەپێی بنەمای ڕابردوو و ڕانەبردوو ڕوونبکرانایەتەوە.

-لە بابەتی (بنچینەکانی ڕستە)ی پۆلی حەوتەمدا، بنچینەکانی ڕستە کراوە بە دوو بەشەوە:(لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی (2012 :42-48).

أ_(بکەر – کار)
ب_(نیهاد – گوزارە)

**گوزارە:** بریتییەلە کاری ناتەواو بەیارمەتی وشەیەکی دیکە خەبەرێك یان سیفەتێك دەداتە پاڵ نیهادەوە.
بەڵام بابەتی (ڕستە) لە پۆلی شەشەم بە کۆمەڵەی ناو (نیهاد) و کۆمەڵەی کار (کار) دەستنیشانکراوە.

**کۆمەڵەی کار:** ئەو بەشەیە، کە لە ڕستەدا ڕاگەیاندنێك لەبارەی ناوەوە دەدات، وەك: نوێیە، خۆڕاگرە، زیرەکە، بلیمەت بوو.
پرسیاری بابەتیانە لێرەوە ئەوەیە، بۆچی لەهەردوو پۆلەکەدا کۆمەڵەی کار (ئەو جۆرەی گوزارەیە – کاری ناتەواو) بەگوزارە دانەنراوە، لەکاتێکدا لەڕووی بابەتییەوە هەمان شتن، لەبەرئەوەی ئەگەر لە پێناسەکەی پۆلی شەشەم وردبینەوە، ئەوا بۆماندەردەکەوێت پێناسەی گوزارەیە.

-ئەم تەوەرەیە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چەمکی (تەواوکەر) لەڕیزماندا تەرخاندەکەین، سەرەتا نموونەی باسەکان وەردەگرین:

لە یەکێك لە بابەتەکانی پۆلی شەشەمدا، (تەواوکەر) بەم شێوەیە پێناسەکراوە: هەموو ئەو وشانەی کە لە ڕستەدا هەن جگە لە (بکەر و نیهاد) لە کۆمەڵەی ناودا، (کار) لە کۆمەڵەی کاردا هەروەها ئامرازەکان، تەواوکەریان پێدەگوترێت. (لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، پۆلی شەشەمی بنەڕەتی (2011 :23،22).

**3. شوشەی پەنجەرەکە شکا (پەنجەرەکە/ تەواوکەری بکەرە)**

لە بابەتێکی پۆلی حەوتەمدا (دیارخەری ناو – تەواوکەری کار)، تێیدا تەواوکەر بەپێی دەستورەکەی بەم شێوەیە ڕاڤەکراوە: (لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی (2012 :53-58))

**تەواوکەر:** ئەو وشەیە یان ئەو وشانەیە، کە لە ڕستەدا دەبینرێن بێجگە لە بنچینەکانی ڕستە.

**تەواوکەر دوو جۆرە:**

أ_ تەواوکەری یان دیارخەری ناو: بریتییە لە (ناو، جێناو، هاوەڵناو).
ب_ تەواوکەری کار: بریتییەلە (بەرکار، تەواوکەری بەیاریدە، هاوەڵناو).

4. برادەری ئازاد بەیەکەم دەرچوو.

ئازاد: دیارخەری ناوی برادەرە.
بەیەکەم: تەواوکەری کاری (دەرچوو)ە، چونکە واتای کارەکەی زیاتر ڕوونکردووەتەوە.

ئەگەر بابەتییانە لەم پێناسە و دەستوورە وردبینەوە، بۆماندەردەکەوێت ناڕوونییەك لە چەمکی تەواوکەردا هەیە، لەڕووی زانستییەوە لە بابەتەکەی پۆلی شەشەمدا (دیارخەری ناو) بە تەواوکەر باسکراوە، کەچی لە بابەتەکەی پۆلی حەوتەمدا بە (دیارخەری

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (1)، حزيران 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ناو) خراوەتەڕوو. ئەمە جگەلە بەکارهێنانی دوو زاراوەی جیاواز، لەڕووی بابەتیشەوە جیادەبنەوە، لەکاتێکدا یەك شتن، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، بە بڕوای ئێمە تەواوکەر لە بەرکار و دیارخەری ناو جیابکرێتەوە، بەم شێوەیە:

ئەو وشانەی دەخرێنەپاڵ ناوێك، یان جێناوێك لە کۆمەڵەی ناودا، بە دیارخەر ناوببرێن و ناوەکەش، یان جێناوەکە دیارخراوە.

ئەو وشانەی لەڕووی ڕێزمانیی و واتاییەوە کردار تەواودەکەن (بەمەرجێك کرداری تەواوی تێپەڕ بێت)، بە بەرکار لەقەڵەمبدرێن، ئەمەش لە ڕوانگەی پێویستیی کردارەکەوە بە دوو شێوە دەردەکەون:

**بەرکاری ڕاستەوخۆ:**

5.ئەو نان دەخوات.

**بەرکاری ناڕاستەوخو :**

6. کتێبەکەم دا بە شیلان.

ئەو وشە و کردارانەی پێویستیی کرداری ناتەواو دەیانهێنێتەئاراوە، دەبێت بە تەواوکەر ناوببرێن وەك تەواوکەرێکی بەشی گوزارە، ئەمانەش لە دوو شێوەدا دەردەکەون:

**تەواوکەری ڕاستەوخۆ:**

7.هاوین گەرم بوو.

**تەواوکەری ناڕاستەوخۆ/ بەیاریدە:**

8. تاقیکردنەوەکە بە نووسین بوو.

بەم شێوەیە زاراوەی بەرکار و تەواوکەر ڕوونتر شیدەکرێنەوە، تەواوکەر بە کرداری ناتەواوەوە، بەرکاریش بە کرداری تەواوەوە پەیوەستدەبێت.

**4/2. گشتگیریی و بێگومانیی:**

وەك لە بەشی یەکەمدا لەڕووی تیۆرییەوە گشتگیریی و بێگومانیی خرانەڕوو، کە بریتیبوو لە بنەمای گشتگیریی تێڕوانینە زانستییەکان و ڕێسا و دەستورە زمانییەکان، هاوکات بێگومانیی لە ڕاستیی و دروستیی ئەم تێڕوانین و ڕێسا و دەستورانە لایەکی تری زانستێتیی کارە زمانییەکانە. ئەمەش خۆی لە بەبەڵگەوە سەلماندن و بێگومانیی بابەتێتیدا دەبینێتەوە. لەم تەوەرەیەدا بەپێی ئەم دوو بنەمایە بەردەوامیی بەکارە پراکتیکییەکەمان دەدەین.

-بابەتێکی پۆلی حەوتەم بەناونیشانی (جیاوازی ڕستە و گرێ) وەیە. (لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی (2012 :21_24)). ئێمە لەم شیکردنەوەیەدا قسە لەسەر چەمکی (گرێ) دەکەین:

9. باژێری دهۆك
10. ئاوی کانی
11. بەفری شاخەکان

ئەم نموونانە (گرێ)ن، دەستوری گرێش ئەمەیە: کۆمەڵە پەیڤێکە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، بەڵام واتا و بیرێکی تەواو بەدەستەوەنادات، چونکە کارێکی لەگەڵدا نییە.

لەڕووی زانستییەوە چەمکی (گرێ) بەرانبەر فرێز (phrase) دەوەستێت، بەپێی تێڕوانینی نوێش، دەشێت فرێز لە یەك وشە پێکهاتبێت، بۆیە ئەگەر ئەم دەستورە لە ڕوانگەی گشتگیرییەوە لێکبدەینەوە، ئەوا گشتگیر نییە، لەبەرئەوەی تەنها فرێزە فراوانکراوەکان دەگرێتەوە، بۆیە ئەم بابەتە بنەمای بێگومانیش لەدەستدەدات، چونکە نموونە و داتاکان تەنها دەبنە بەڵگە بۆ فرێزە فراوانکراوەکان (ئەوانەی دەرخەری ناویان لەپاڵدایە)، بۆیە لەم پرۆگرامەدا پێویستە سەرلەنوێ پێناسەی گرێ بکرێتەوە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

-بابەتی جۆرەکانی ناو لەڕووی ناوەڕۆکەوە لە پۆلی حەوتەمدا دابەشکراوە بۆ (ناوی تایبەتی، ناوی گشتی، ناوی کۆمەڵ). (لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی (2012: 63_65)). پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە، جیاوازیی چییە لەنێوان ناوی گشتی و ناوی کۆمەڵدا؟

-سەرەتا با لەو بەشەی دەستوری ناو کتێبەکە وردبببینەوە، کە دەستوری ناوی گشتی و کۆمەڵی تێدا خراوەتەڕوو.
ناوی گشتی: ئەو ناوانەیە کە بۆ هەموو ئەو گیاندارو بێگیانانە بەکاردێت، کە خودانی یەك ڕەگەزن و ناوەکە بەسەر تێکڕاو بەسەر تاکە تاکەی ئەو ڕەگەزانەدا دابڕاوە. ئەو جۆرە ناوەش بۆی هەیە:

أ. بۆ کەسان بەکاربێت وەك: مامۆستا، کچ، کوڕ، دایك.
ب. بۆ ئاژەڵ و باڵندەو ڕووەك و میوە بەکاربێت وەك: شێر، گورگ، مایین.
ت. بۆ شتان بەکاربێت (بێ گیان) وەك: بەرد، دار، چیا، ڕوبار، خانوو.

ناوی کۆمەڵ: ناوێکە بە ڕواڵەت تاك پیشان دەدا بەڵام لە ناوەڕۆك واتای کۆ دەبەخشێ، ئەم جۆرە ناوەش بۆی هەیە:

أ. بۆ کۆمەڵێك کەس بەکاربێت وەك: لەشکر، گەل، میللەت، هۆز، دەستە، چین، تیرە.
ب. بۆ هەژمارەك گیاندارو ڕووەك بەکاربێت وەك: گاڕان، مێگەل، ڕوە، گەلە، ڕان، گاگەل، کەرێ پەزێ، ڕەڤە، ڕەز، چەپك، دەسك، قامك. (لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی(2012: 66، 65).

بە تێڕوانین و ڕامان لەم دەستورە ئەوە بەرچاودەکەوێت، کە جیاوازیی لەنێوان ناوی گشتی و کۆمەڵدا نییە، بەو واتایەی خودی بڕگەکانی دەستورەکە ئەم ڕاستیەمان پێدەڵێن، ئەمەش بەبەڵگەی:

1. نیشانەیەکی مۆرفۆلۆژیی نییە ناوی گشتیی لە ناوی کۆمەڵ جیابکاتەوە.
2. ناوی گشتیش وەك ناوی کۆمەڵ لە ڕواڵەتدا تاکە و لە ناوەڕۆکدا کۆیە، بەو واتایەی هەم فۆرمە تاکەکە کۆ دەنوێنێت، هەم لەڕێی مۆرفیمی کۆوە دەکرێت هەردووکیان کۆبکرێنەوە.

کوڕان، کچان: ناوی گشتیی کۆ
گەلان، میللەتان: ناوی کۆمەڵی کۆ

3. ناوی کۆمەڵ وەك گشتی بۆ کەس و گیاندار و ڕووەك و بێگیان بەکاردێن، بۆیە لە ڕوانگەی ئەم بەڵگانەوە بەپێی بنەمای گشتگیریی و بێگومانیی لە کاری زانستیانەدا، دەکرێت بوترێت (ناوی کۆمەڵ بەشێکە لە ناوی گشتیی)، ئەگەر دەستورەکە بەم شێوەیە بخرێتەڕوو، دەستورێکی گشتگیر دەبێت.

**ئەنجام:**

1. پەیوەست بە شیکردنەوە کارەکییەکانی بەشی دووەمەوە، دیاردەی فرەزاراوەیی بەرانبەر هەمان دیاردەی ڕێزمانیی، یەکێکە لەو دیاردانەی، کە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا دەبینرێتەوە.
2. لە ڕوانگەی بنەمای ڕێکخراوەیی زانستییانەوە، بابەتی بەدوایەکداهاتوو و پەیوەندیدار لە پرۆگرامەکەدا هەیە، بەڵام پەیوەندییەکەیان ئاماژەپێنەدراوە.
3. ڕەچاونەکردنی بەها کەلتووریی و کۆمەڵایەتییەکان لە داڕشتنی پرۆگرامی پەروەردەو ڕێزمانی پۆلەکانی (پێنجەم و شەشەم)دا لە چێوەی نموونە و شیکردنەوەکانیدا، کە بنەمای بونیادنانی کەسێتیی خوێندکارە و بەهەندوەرگرتنیان پتەوکردنی بونیادە ڕێزمانییەکانە.
4. شیکردنەوە ڕێزمانییەکانی پرۆگرامەکە لەسەر بنەمای (وشە) داڕێژراوە، نەك (مۆرفیم).
5. چەمکی (گرێ) لەم پرۆگرامانەدا لە ڕوانگەی بنەمای گشتگیریی و بێگومانییەوە نەنوێنراوە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**سەرچاوەكان:**

**یەكەم: بە زمانی كوردیی:**

1. ئەورەحمانی حاجی مارف (1977)، وشەڕۆنان لە زمانی كوردیدا، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بەغداد.
2. شاخەوان جەلال فەرەج (2006)، ناو لە شێوە زاری هەورامیدا، نامەی ماستەر (بڵاونەكراوە)، كۆلێجی پەروەردە، زانكۆی كۆیە.
3. شیركۆ حەمە ئەمین قادر (2002)، مۆرفیمە بەندە لێكسیكی و ڕێزمانییەكان و ئەركییان لە دیالێكتی گۆراندا، نامەی ماستەر (بڵاونەكراوە)، كۆلێجی زمان، زانكۆی سلێمانی.
4. عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (2020)، لێكۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاكسی كوردیی، بەرگی یەكەم، چاپی یەكەم، چاپخانەی سارا.
5. عبدوالواحید موشیر دزەیی (2011)، لیكسیكۆلۆجی، چاپخانەی ماردین، هەولێر.
6. لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە(2011)، چاپی چوارەم، ڕێزمان و خوێندنەوەی كوردی بۆ پۆلی شەشەم بنەڕەتی، چاپخانەی كاریز، هەولێر.
7. لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە(2012)، چاپی پێنجەم، زمان و ئەدەبی كوردی بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی، چاپخانەی دار البنان، بیروت.
8. لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە(2013)، چاپی شەشەم، ڕێزمان و خوێندنەوەی كوردی بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی، چاپخانەی ج.م. ئۆف سێت، توركیا.
9. محمد عومەر عەول(2001)، دابەشبوونی كرداری لێكدراو لەڕووی داڕشتن و ئەركەوە_لەكرمانجی خوارووداـ، نامەی ماستەر، زانكۆی سلێمانی، كۆلێجی زمان.
10. محەمەدی مەحویی(2001)، زمان و زانستی زمان (سەرەتایەك بۆ زانستی زمان)، بەرگی یەكەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
11. محەمەدی مەحویی(2010)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەكداچوونی پێكهاتەكان مۆرفۆلۆژیی كوردیی، بەرگی یەكەم، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی.
12. محەمەدی مەحویی(2011)، بنەماكانی سینتاكسی كوردی، بەرگی یەكەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی:**

13. محمد حسن عبدالعزیز (1983)، مدخل الی علم اللغة، دار النمر للطباعة، مصر.

**سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی:**

14. Catamba, F. (1993), Morphology, London, Macmillian.

**چوارەم: ماڵپەڕی ئەلیكترۆنیی:**

15. http:// edu.uokufa.edu.iq/staff
16. www.alrashad.org.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)